هونەرمەند ئازاد خانەقینی: پربەدڵ حەزم دەکرد سەرە سۆدەیەکیان بکردایەبە سنگم دا لە پاداشتی ئەوەی کەماوەیەك خزمەتی هونەرم کردووە بەڵام بەداخەوە نەم بینی و ناشی بینم، لەبەر ئەوەی پاش ئەم دیدارە ئامادەنیم ئەوە وەربگرم.. !!؟؟.

## دیدارێکی تایبەت لەگەڵ هونەرمەند ئازاد خانەقینی ... ئامادە کردنی: ڕێژین ابراهیم

rezhen@maktoob. com



ئەگەر چی لەژیاندا هونەر بۆ خۆی جیهانێکی تایبەتی هەیە هونەری مۆسیقاو ووتنی گۆرانیش بێبەش نیە لەو جیهانە، لە دنیای پڕ لەجوانیو پڕ لە خۆشەویستی پڕ لە ئاوازی قەشەنگ، هەر لە ڕێگەی مۆزیك و هونەرەوە دەتوانین خۆمان بناسێنین بەجیهان دیارە ئەدەبو هونەری هەرووڵاتێکیش بۆ خۆی پێناسەیەکی ئاکتیڤی ئەو میللەتەیە، لەم ووڵاتەشدا چەندین کەسانی هونەردۆست و شارەزامان هەیە، بەڵام بەداخەوە کە بەتەنها لەکاتی مردندا بەبیر دێن، ئەکرێت بڵێین ئێرە ووڵاتی زیندو کوژو مردوو پەرستن، دیارە ماوەیەك لەمەو بەر هونەرمەندی گەورەی کورد ئازاد خانەقینی توشی نەخۆشیەکی کتو پڕ بوو ئەویش بەلێدانی جەڵدەی دەماخ کە بوە هۆی لە کار کەوتنی چاوێکی ڕۆژنامەی هەواڵیش لەگەڵ بیستنی ئەم هەواڵە توانی لەنزیکەوە چاومان بە هونەرمەند ئازاد خانەقینی بکەوێت بیدوێنین ئەگەرچی لەسەرەتادا ئارەزووی ئەوەی نەدەکرد کە چاوپێکەوتن بۆ هیچ شوێنیچك بکات بەڵام هەرچۆنێك بێت توانیمان بیدوێنین، لەگەڵ ئەوەشدا هونەرمەند بۆ ماوەیەکی دوورە لە هونەر دوور کەوتۆتەوەو بۆ جارێکی تر ئارەزووی ناکات لە هونەری گۆرانی ووتن نزیك ببێتەوە، هونەرمەند ئازاد وەهاب عبدلرحمان لەدایکبووی 1959 لەشاری خانەقین، لەساڵی 1972 بۆیەکەم جار چۆتە سەر شانۆو لەرۆژی 1یەکی ئایاردا رۆژی کرێکارانی جیهان گۆرانی ووتوە، هەروەها هونەرمەند ئەندامە تیپی مۆسیقای خانەقین بووە و 3 بەرهەمی لەگەڵ ئەو تیپە تۆمار کردووە لە

ساڵانی 1976 و 1977 و 1979.... هتد لەزۆر بەی بۆنەو ئاهەنگەکاندا بەشداریەکی بەرچاوی هەبوە، هونەرمەند لە ساڵی 1980 لەگەڵ تیپی مۆسیقای شەهید کارزاندا وەك ئەندامێکی کارا لەبەرهەمە تۆمار کراوەکانی ئەو تیپەدا بەشداربووە هەروەخا لەهەموو ئاهەنگ و بۆ نەکان لەسەردەمی خەباتی چەکداری بەشدار بووە هەنەرمەند بە تەنها هونەری گۆرانی خزمەتی گەلو نیشتمانی نەکردوە بە ڵکو بە چەکیش بەشداربوە لە خەباتی نیشتمان پەروەریدا، هەروەها لەو قوناغەدا خاوەنی چەندجین سروودی شۆڕشگێرانە و گۆرانی سیاسی و فۆلکلۆری بووە لەیاشادا هونەرمەند قۆناغەکانی ژیانی بەمشێوە یە بەسەر بردوە، لەپاش راپەرین و لەشار، لەگەڵ زۆربەی تیپە هونەرمەندە مۆسیقیەکانی شاری سلێمانی دا بەشداری کردووە لەزۆر بەی ڤیستیڤالەکاندا بەشداری بەرچاوی هەبووە، تاقە نوێنەری گۆرانی کەلهوڕی بووە و بە شێوەزمانە زۆربەی گۆرانیەکانی ناوچەکانی خانەقین و کرماشان پاراستووە و نوی کاری تێدا کردووە... هەروەها ئازاد خانەقینی خاوەنی یەکەمین کۆنسێرتی گۆرانی بووە لەساڵی 1997 بەناوی (دیمانەی عاشقان) ، هەروەها یەکەمین قەییدەی کردووە بەگۆرانی بەناوی (وەزە ئاڵەکانی عەدەم) لە ئاواز و ووتنی خۆی بووە... کە بۆ ئەنفال ووتویەتی کە شعری جەمال غەمبارە و دابەشکردنی مامۆستا (عادل محمد کریم) بووە.... ئەگەر چی هونەرمەند بەم هەموو کارە جوانانەیەوە کە هەرلەسەردەمی منداڵیەوە لە خەباتی شاخو دواتر لە ناو شاردا چەندین گۆرانیو ئاوازی بە جۆشی پێشکەش کردوە بەڵام بەداخەوە لەئێستادا بە هۆی ئەو نەخۆشییەوە کە ئێستا لەماڵەوە یە کە کەسێك لە هاورێیانی سەردانیان نەکردووە لەگەڵ ئەو هەموو نەخۆشیەی ئەو ڕێکخراوو ناوەندە حکومیانە هەر سەردانیشیان نەکردووە بەباشمان زانی لەنزیکەوە گوی بیستی خۆی بین:

+ڕێژین: سەرەتا ئەم کاتەت باش کاك ئازاد دیارەتۆ وەك گۆرانی بێژوهەم وەك پێشمەرگە وە ئاشکرایە بەرێزت هونەرمەندێکی کۆنی لە ساڵی1972 کە ئەوکاتە تەمەند 13 ساڵان بوو بۆ یەکەم جار چوویتتە سەر تەختەی شانۆ گۆرانیت ووت، تۆ پێت وایە ئێستا جیاوازیەکی زۆری هەیە لەگەڵ ئەوسادا واتە بابڵێین ئێستا ئەم مۆسیقا ئەرە بێسکانەی کە بەلێشاو گۆرانی لەسەر دادەنرێت ئەبێتە هۆی تێکدانی هەستی نەوەکانی دوارۆژمان و شێواندنی فەرهەنگی کلتوری و هونەری کوردی؟

-ئازاد خانەقینی: سەرەتا من دەمەوێت زۆر سوپاسی رۆژنامەکەتان بکەم ڕۆژنامەی هەواڵ کە ئەمە یەکەم رۆژنامەیە کە من یان بەسەر کردەوە سوپاستان دەکەم من لەسەرەتادا بەهیچ شێوەیەك ئامادە نیم باس لە هونەرو مۆسیقا بکەم، وەکو پێم وتن، من ماوەی سی ساڵە بە هیچ شێوەیەك دیدارم نەکرددوە و نایشیکەم... ئەم بی دەنگیەش خۆی لەخۆیدا وولامە، ئەم دیدارەش لە گەڵ ڕۆژنامەی ئازیزو بەرێز هەواڵ دا دەیکەم... پر بەدڵ ئارەزوو دەکەم دوا دیدارم بێت.... ... ؟؟؟؟

+ڕێژین: ئەکرێت بپرسین ئەم بی دەنگیە بۆ؟دوورکەوتنەوە لە جیهانی جوانی مۆسیقا؟

-ئازاد خانەقینی: وولامی ئەو پرسیارە نەك دیدارێك بەڵکو ئەوە دەهێنی کتێبێکی لەسەر بنوسی، بەکورتی هونەر و جیهانی مۆسیقا زۆر جوان و پاك و بەرزە، بەڵام بەداخەوە لەووڵاتی ئێمەدا شێواندوویانە، هونەر زۆر دوورە لە گیانی دەستەگەری و حیزبایەتی و

ڕێکخراو گروپ و شارو شارچیەتی و ڕق و کینە، ئەو هەموو شەرە بەمن نەکراوەو ناکرێ، دور کەوتنەوەو بی دەنگی لەوشەرە نارەوایە باشترە کە پیی دەوترێت هونەر

+ڕێژین: پاش چەندین ساڵ خزمەتی هونەر چی ئارەزوویەکت هاتۆتەدی و چی نەهاتۆتەدی؟ بەمانایەکی تر هونەر چی پێبە خشیو چی لێسەندیتەوە؟
-ئازاد خانەقینی: تا کار بکەیت ئارەزووەکان نایەنەدی، بەپیی قۆناغەکان تادی خەون و ئارەزووی زۆر هەن، بۆ خۆم چەندین پرۆژەی هونەریم هەیە کەبەداخەوە بەدانراوی ماون و دەمێننەوە، چەندین پرۆژەش بەسەقەتی لەدایك بون، پربەدڵ حەزم دەکرد سەرە سۆدەیەکیان بکردایەبە سنگم دا لە پاداشتی ئەوەی کەماوەیەك خزمەتی هونەرمکردووە بەلام بەداخەوە نەم بینی و ناشی بینم، لەبەر ئەوەی پاش ئەم دیدارە ئامادەنیم ئەوە وەربگرم...

+ڕێژین: وەکو دەزانین کە بەداخەوە جەڵدەی دەماخ لێیداویت دوایش چاوێکت لەکار کەوتوە.. ئایا کەس هاتووە بە هاناتەوە یاخود هیچ لەهاو ڕێیانی خۆت سەردانیان کردوی
- ئازاد خانەقینی: ئیشیان پێم نەماوە بۆ بێن؟براوەری ئازیز ئێمە ومانان ئاسنی سارد دەکوتینچاوەڕیی کی بم؟ ماوەی یەك مانگ ونبوە من لەماڵەوە کەوتوم هیچ لایەنێکی حکومی و حیزبی و ڕێکخراوەیی نەهاتوون، هەر بەنامەیەك یان بە تەلەفۆنێك لێم بپرسنەوە

+ڕێژین: باشە هۆی ئەمە چیە؟بۆ؟
-ئازاد خانەقینی: خۆمن هونەرمەندی وولاتانی دەوروبەر نیم، خۆ لەهەندەرانەوە نەهاتومەتەوە... نەك من هەموو هونەرمەندو نوسەرو خەڵکی تێکۆشەر و بەهەڵوێستی ئەم وولاتە حاڵیان وەکو حاڵی من دەبی هەرواش بووە، نازانم تاکە ی ئێمە ومانان بەزیندویی دەمان کوژن و لە هەموو لایەکەوە تەقەمان لێدەکەن پاش مردن دەست دەکەن بەشین و شەپۆرو قسەی زەردو سور... نازانم بۆ کابرای هەندەرانی دێتەوە سەر سفرەی حازری بان بۆ خانوو وعەرزە دەکرین دێتەوە هەموو راگەیاندن و پارەی حیزب و دەوڵت و تەکەتول لە خزمەتی دادەبێت ئەوانەی ئێرەش دەبی هەر لەدواوەبن... ؟؟!!! لێپرسراوێکی حکومی بەتەلەفۆن پەیوەندی پێوە کردم بۆ هاوکاری کردن، بەلاَم من لێرەوە رای دەگەیەنم کە بەهیچ شێوەیەك ئامادە نیم هیچ جۆرە هاوکاریەکی حیزبی و حکومی وەربگرم چ مادی بی یان مەعنەوی

+ڕێژین: باشە بۆ؟
-ئازاد خانەقینی: بامن ببم بەسەر مەشق، هەممو کە سێك چاولەمن بکات پاش لەکار کەوتن یان مردن قبوڵ نەکەن شینمان بۆ بکەن، من بۆ خۆم وەسیەتم ئەوەم کردووە پاش مردنیش قبوڵ مەکەن بەناوی هونەرمەندو تێکۆشەرو ئەوانەی کە لەسەر لافیتەیبەردەرگای مزگەوتەکاندا هەڵدەواسرێت بۆم بنوسری.

+ڕێژین: ئەی هونەرمەندان و لایەنە هونەریەکان چیان بۆ کردووی تا ئێستا؟

-ئەوەی مەبەستیان نەبێت هونەرمەندانە، نمونەیەکت بۆ بهێنمەوە، ئەمساڵ لە 2006/1/3 لەیادی دامەزراندنی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستا، من ئەوانم لەبیر بووبەو بۆنەیەوە یەکەمین بەیاننامەی دامەزراندنی (ی. ه. ك) کە لەساڵی (1983) دا دەرچووە لە ئەرشیفی خۆم دا پاراستوومە گەورەم کردەوە و لە چوار چێوەم گرت و بەدیاری بۆم ناردن، ئەوانیش عینوانی ماڵی منیان وەرگرت کە بێن بۆ لام لەوە ئەچی تا ئێستاش هەر نەیان دۆزیبێتەوە؟؟؟

+ریژین: لێرەوە حەز دەکەی چی بە هونەرمەندان بڵێ ی هونەرمەندانی رەسەن بەهەڵوێست بڵێی، ئەوانەی کە تاوەکو ئێستا ڕێز لەخۆیان و هونەرەکەیان ئەگرن، هونەرمەندانی دەربارو دیوەخان مەڵی؟؟

-ئازاد خانەقینی: حەز دەکەم ئەوانە هەمیشە خۆیان جیابکەنەوە، ریزی خۆیان بپارێزن هەروەکو پاراستوویانە، ئەوانەی هەموو جۆرە برینی نارەحەتیان چەشتووە، ئامادە نەبوون خۆیان و هونەرەکەیان بدۆرێنن، بەرەنگاریداگیر کەریان کردوە، ئەوانەی ئامادە نەبوون تەنانەت بۆ رۆژێکیش وولات بەجێ بهێڵن، یەك ریزی خۆیان بپارێزن و چی تر قبوڵ مەکەن بەناو هونەرمەندی بی هەڵوێست ئەمرۆ بسەپێنرێ بەسەریاندا.... .
ماوەتەوە بڵێین هونەرمەند ئازاد خانەقینی لەسەردانەکەم بۆ لای کە ئەرشیفە هونەریە دەوڵەمەندەکەی خستە بەردەستم کە چەندین دەلیل و بەڵگەنامەی هونەرە شاخو شاری تێدابوو هونەرمەند بەتانها ئەو ئەرشیفەی بۆ خۆی دەلالەت بوو لەوو کارانەی کە کردوویەتی بۆ خزمەت کردن بەهونەری کوردی رەسەنو بەڵام بەداخەوە... ! ئەم جارەش بەداخەوە هونەرمەندێك کە هەر لەسەرەتای منداڵیەوە لەناو شاخو دواتر هاتنی بۆ شار بەگۆرانیو گیانی کوردانەی خۆی خەباتی کردووە بەڵام ئێستاش رەنج ماندوو بوونی هونەرمەند لە بەردەم کۆمەڵە کەسانێکدایە کە بەتەواوەتی هونەری رەسەنو هونەری راستەقینەی کوردیان ئیستیغلال کردوە و یەکێتی هومەرمەندانی کوردستان بەداخەوە کە لە ئێستادا کۆمەڵێك کە سان بوونەتە یاریزان لەو مەیدانەدا کار دەکەن بۆ سرینەوەی مۆرکی کورد بوونی هونەری کوردی لەکوردستان، بەداخەوە لە بەڵگە نامەی کە کاکە ئازاد خستیە بەرددمم کۆتای ئەرشیفەکەی بریتی بوو ل (تەبلیغ کردنێك) کە لە لایەن (یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان) کە بە ژمارە 395 ی رۆژی 2003/6/30، کەداوا لە هونەرمەند دەکات لە بارەگای (ی. ه. ك) ئامادەبێت بۆ لێکۆڵینەوە واتە با بڵێین (گەلقەت الرحمە) لەبەر ئەوەی هەندێك گلەی و گازندەی لەو رێکخراوە کردبوو، دیارە بەبانگ کردنی ئەم هونەرمەندە بانگ کردنەکانی سەردەمی ئەمنو استیخباراتمان وە بیر دەهاتەوە، من تێناگەم بۆ هونەرمەندانی خۆمان ڕێزیان لی ناگیرێت بۆ کەمرد ئینجا رێزیان لی بگرین بۆ تاماون لە ژیاندا خزمەتیان نەکەین، ئەم هونەرمەندە پاش ئەوە ندە ساڵە چاوەروانی هیچ نابێت ئەوەتا هەروەکو خۆی دەڵێت سەرە سۆدەیەکیان لە سینگ بکردمایە پێم خۆش بوو، بەڵام لە گەڵ ئەمانەدا دەبینین بەدەیان هونەرمەندی تازە دێنەوە بە لێشاو ئەرزەو خانوویان دەکەن بەناوە بەهەرحاڵ لەوەندە درێژی نادەمێی ئەو هەموو ئەرشیفەی هونەرمەند کەکە ئازاد خۆی بۆ خۆی سەلماندنی هەموو خەباتەکانیەتی لەکۆتایدا ئومێدی چاك بوونەوە بۆ هونەرمەند کەکە ئازاد دەکەم هیوادارم ئەم نەخۆشیە نەبێتە هۆی ئەوەی لە هونەر دوور بکەوێتەوە هەرچەندە وەك ئامازەم پێدا ماوەیەکی زۆرە لە هونەر دابراوەو

لە بەر ئەوەش جارێکی تر ئامادە نیە بێتەوە سەر کاری هونەری بۆیە دەڵێم کەکە ئازاد هیوادارم بتوانی بۆ جارێکی تر ژیان لە گەڵ هونەر بەسەر بەریتو گوی نەدەی بەقسەی کەس... دووبارە بەناوی خۆمو رۆژنامەی هەواڵەوە ئومێدی چاك بوونەوەت بۆ دەخوازم